## به بۆنەی

# مەرگی نابەوەختی مەرزیەی فەریقی

هەواڵی دڵتەزێنی مەرگی نابەوەختی شێرە ژنی شۆڕشگێڕ و هونەرمەندی خۆشەویستی گەلی کورد ، مەرزیەی فەریقی ، داخێکی گرانی خستە دڵی هەموانەوە ئاخر مەرزیە جگە لەوەی بە دەنگی زوڵاڵ و بەسۆزی لە دەرد ومەینەتی گەلی کورد وهەژارانی کوردستان دەدوا بە کردەوەش پشتیوانی هەر حەرەکەتێکی ئازادیخوازانە بوو کە لە کوردستان دەهاتە ئاراوە هەر بە پێی ئەم بیروباوەرە ئازادیخوازانە بوو کە لە ریزی پێشمەرگە ی کۆمەڵە دا بەشداری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەڵێ کورد لە کوردستانی ئێران بوو و تا دوا هەناسەشی پێی وەفادار ماوە.

بە بۆنەوە لە دەستچوونی مەرزیەی خۆشەویستەوە ئێمە وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کارو دۆستانی ،سەرەخۆشی لە خەڵکی کوردستان و هەمووئازادیخوازان و هونەردۆستانێک دەکەین کە مەرگی نابەوەختی مەرزیە داخداری کردوون .

کۆمیتەی کۆمەڵە لە ناوەندی ئورووپا